# ئەوانی ناشارستانی و ئێمەی شارستانی

**بەکر ئەحمەد**

لـە سەرەی یەکێك لە دووکانەکاندا ڕاوەستاوم و چاوەڕوانی دانی پارەی ئەو کاڵایەم کە بە نیازم بیکڕم. پیاوێکی بە تەمەن سـەرنجم دەداتـێ. مـن هـەروا ئاسایی وەری دەگرم. پاش کەمێك سەرنجدانی تێکەڵ دەبێت بە بوڵەبۆڵێك و هەستدەکەم بە ئاشـکرا ڕووی لـە مـنە. مـن بێ گوێ پێدانە ئەو، لە سەرەی خۆمدا ڕادەوەستم. لەناکاودا دێتە بەردەمم و دەڵێ: "شەیتانی موسوڵمان."

هێرشـی تێرۆریستانەی 11 سێپتیمبەر، شەپۆلێك لە تێڕوانینی راسیستی بەشوێن خۆیدا دەهێنێت. ئەگەر وتەکانی یۆران کـۆرپ لـە پەیـوەند بـەم کـارەدا بخەیـنە ڕوو، ئەوکاتــە لانــی کــەم، لایەنێکــی زۆر بچـکۆلەی "شەیتانی موسوڵمان"ی پیرەمێردەکـەی بـەردەم سـەرەی دووکانەکـەی لەمـەڕ منـتان بـۆ ڕووندەبێـتەوە. یـۆران کۆرپ دەڵێ: " ئەو وڵاتەی لەلایەن تالیبانەکان یان مێدیاکانەوە بەڕێوەببرێت، یەك لەیەك پیسترن."

بـۆیە باشـتر وایــە سـەرنجێکی ئـەم بۆمـبارانە مێدییایـیەی خـۆرئاوا بـدەین کە سەبارەت بە فەندەمینتالیزمی ئیسلامی خستوویەتە کار.

هـیچ کاتـێك هێـندەی ئـەم چـەند ڕۆژەی دوای کارەسـاتی نـیویۆرك، وشەگەلێکی لە چەشنی "شارستانیەکان" و "ئێمەی شارسـتانی" و "ئەوانــی ناشارســتانی" لــە مێدیاکانــی ئــەوروو پادا بەکارنەهینــراون . ئەگەرچــی "ئــێمە لــە جیهانــی شارسـتانییەوە" کـە ڕۆژانــە لــە زمانــی قســەکەرانی کۆشـکی سپی ئەمـریکاوە دەبیسـترێت کاتێك هەڵوێست لەبەرانبەر ڕووداوەکانــی خۆرهەڵاتــی ناوەراســتدا دەنووێــنن، بــووەتە دەســتەواژایاکی ئاســایی، بــەڵام فراوانــی ڕەهەنــدی وشــەی "شارستانی" هیچ کاتێك وەك ئەم ڕۆژانە هێندە بارگاوی بەڕاسیزمێکی ئاوا ئاشکرا نەبووە.

هـۆی چـییە کـردەوەی تێرۆریسـتانەی گروپێکـی فەندەمینتالیـزم ئیسـلامی، تەواوی دنیای خۆرهەڵات دەکاتە مەڵبەندی دڕندایەتـی و ناشارسـتانێتی؟ بۆچی فەنەمینتالیزمێك کە لە ئێرلەندەدا ڕۆژانە قوربانییەکانی خۆی دەچنێتەوە ئێرلەندە ناکاتە مەڵبەندی ناشارستانی؟

لـە مـێدیای خـۆرئاوادا، فەندەمینتالیـزم یــان درووسـتتر بڵـێین تێرۆریزمـی ئیسـلامی، وەك دیاردەیەك دەناسێنرێت کە پەیـوەندی بە کۆمەڵگای مۆدێرنی ئەمرۆکەوە نییە. بەڵکە دیاردەیەکە سەر بە ڕابردوو. بزاوتی کۆمەڵگایەکە کە هێشتا بەر لـە زەمەنەکانــی مۆدێـرنیتە ژیــان بەسەردەبات. ئەوەی ئەم وێنەیە زیاتر تۆختر دەکاتەوە، ئەو شێوازە ناشارستانیەیە کە لەسـەر جەسـتەی قوربانیەکانــی تێرۆریزمــی ئیسـلامیدا جێدەهێڵـرێت و ئەڵتەرناتیڤەکانــی ئــەم ڕەوتەیە بۆ دەسەڵات. ووردبوونەوە لە جەستەی قوربانییەکانی تیرۆریزمی ئیسلامی، ئەو بۆمبە بەشەرییەی کە بە خودی فڕۆکەیەکەوە تاوەرەکانی بنکەی بازرگانی جیهانی لەگەڵ زەویدا تەختدەکات، ئەو جەستە بە بۆمبڕێژکراوەی کە لە ناو جەرگەی بازاڕێکدا بە خۆیەوە دەیــەها کەســانی تــر هــە نجن هە نجندەکات، ئەو سەربڕینە دڕندەئاسایانەیە کە نیشانەی تایبەتی خۆی لەسەر جەستەی قوربانییەکانــی جێدەهێڵـێت، هەمـوو ئەمانە مۆری دڕندەیی و "ناشارستانی بوون" بە ناوچەوانی تێرۆریزمی ئیسلامییەوە هەڵدەکوڵـێت. هاوکاتــیش نمـوونەی شـێوازی دەسەڵاتێك کە تالیبانەکانی ئەفغانستان لە پرۆسەی پراکتیزەکردنیدان، تێرۆریزمـی فەندەمینتالیـزم دەبەستێتەوە بە پراکتیکی هێزێکەوە کە لە دنیای واقیعی ئەمڕۆدا نموونەکانیان زۆر نین و دەکرێ لە لاپەڕەکانی مێژوودا بۆی بگەڕێین، ئەمە فەندەمینتالیزمی ئیسلامی دەکاتە کۆرپەی کۆمەڵگایەك کە هێشتاکە لە دەرەوەی سنوورەکانی شارستانێتیدایە.

بەکورتییەکەی, تێڕوانینێك کە مێدیای خۆرئاوا لە پەیوەند بە هێزەکانی تیرۆریزمی ئیسلامی دیدات بەدەستەوە , خودی فەندەمینتالیزمی ئیسلامی دەکاتە دیاردەیەکی سەر بە ڕابردوو, دەیکاتە میراتی فەرهەنگی و کولتوری کۆمەڵکایەك کە هێشتاکە لەناو خەونی قوڵی سەدەکانی ناوەڕستدا بە ئاگا نەهاتووە. نەهەواڵێك لە سەرمایەداری بوونی ئەم کۆمەڵگایانە هەیە, نە پڕۆسەی مۆدێرنیزەکردنی کۆمەڵگاکانی کە فەندەمینتالیزم لێیەوە سەردەردەهێنێت دەبێتە جێگای پرسیار,

هەموو ئەمانە بەو ئاڕاستەیەوە کاردەکەن کە چەمکەکانی "شارستانی بوون" و "ناشارستانی بوون" لە بەرانبەر یەکتریدا دابنێت و نەهێڵرێت یەکێك لە پرسیارەکانی ئەمڕۆی دنیا کە گەورەترین ڕیزبەستنی سیاسی لە جیهاندا بە شوێن خۆیدا دروستکردووە, ئاشکرا بکرێت.

بێگومان ڕازی بوون بەم خوێندنووەی مێدیاکان بۆ دیاردەی فەندەمینتالیزمی ئیسلامی, لە ڕێچکەی هەمان ئەو خوێندنەوانەدایە کە پێی وایە جەللادانێك کە جێبەجێکەری جینۆسایدی جوو و سۆسیالیست و هۆمۆسیکسوالەکان بوون لە ئەڵمانیای نازیدا , کەسانیکی شێت و نەخۆش و نائاسایی بوون. پەسەندکردنی ئەم ریوایەتە بە مجۆرە, گەورەترین کۆمەك دەکات لە دەربازکردنی خودی نازیزم و سیستەمە فیکرییەکەی بۆ خوڵقاندنی ڕەشترین لا پەڕە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا.

بەڵام تاکە قوربانییەك کە لە بەرەکانی جەنگی میدیاکاندا دەکوژرێت لە دژی تیرۆریزمی ئیسلامیدا, ئەو ڕاستییەیە کە چیرۆکی ڕاستەقینەی فەندەمینتالیزمی ئیسلامی لە پشت خۆیەوە حەشارداوە. ڕاستییەك کە تیایدا فەندەمینتالیزمی ئیسلامی بە دیاردەیەکی مۆدێرنی ناو هەناوی کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆ دەبینێت وبە بەشێکی جیانەکراوە ی پڕۆسەی کۆمەڵکا مۆدێرنەکانی ناو تۆری پڕۆژەی گلۆبالیزەیشۆنی ئابووری هەر ئەم چرکە ساتانەی ژیانی ئێمەی دەداتە قەڵەم.

ئەگەر خوێندنەوەی "زیگمۆند باومان" بۆ پرسیاری هۆڵاکۆستی جووەکان لە ئەڵمانیای نازیدا سەرنج بدەین, ئەو کاتە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو ئەفسەر و سەربازانەی کە ڕۆژانە لە کوورەکانی ئینسان سووتاندنی ئاوشویسدا کاریان دەکرد, نە کەسانی شێت بوون و نە کەسانی ناشارستانی. بەڵکو ئەوان باوکان و دایکانێکی ئەڵمانی بوون کە دوای تەواوبوونی کاری ڕۆژانەی خۆیان, وەك هەر باوك و دایکێکی تر لە گەڵ مناڵەکانی خۆیاندا ژیانی ڕۆتینی خۆیان دەبردەسەر.

"باومان" هۆڵاکۆست بە زادەی پێنەگەیشتنی کوولتوری و نەبوونی شارستانی لە ئەڵمانیای نازیزدا ناناسێنێت. بەڵکو ڕێك بە پێچەوانەوە بە کۆرپەی مۆدێرنێتەی ناو دەبات. تەنها مۆدێرنێتە دەتوانێ چوارچێوەیەکی وا پێك بێنێت کە هۆڵاکۆست لە ناویدا ببێتە ڕاستییەك. ئامادەیی سیستەمێکی بیرۆکراتی پان و پۆڕ کە تەنها سەرمایەداری توانای خوڵقاندنی هەیە, گەورەترین توانایی سەربازی, سیستەمێکی گەورەی ئەرشیڤکردن, ڕێگاوبانێکی پانوپۆڕ بۆ بەیەکەوە بەستنی دوورترین شوێنەکان, وە لەسەر هەموو ئەمانەشەوە ئایدۆلۆژیایەك کە مۆدێرنێتە بەرهەمی هێنابوو, ناسیۆنالیزم و ڕاسیزم.

ئەگەر بە ووردی سەرنجی فەندەمینتالیزمی ئیسلامی بدەین, بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم بزووتنەوە سیاسیەش, نەك زادەی دواکەوتوویی کۆمەڵگاکانی خۆرهەڵاتە, بەڵکو ڕێکو ڕەوان زادەی هەرهەمان مۆدێرنیتەیە کە کۆمەڵگای بەشەری خۆی تیادەبینێتەوە لەمرۆدا. فەندەمینتالیزمی ئیسلامی نەك بە شێوەی دەسەلاتە سیاسییەکەی کە لە ئێران و ئەڤغانسناندا لە کاردایە و بە دەسەڵاتەکانی سەدەکانی ناوەڕاست نزیکایەتییەکی زیاتری هەیە, دە بێتە موڵکی ڕابردوو, وە نە بە شێوازی دڕندانەی سەرپەڕاندنی قوربانییەکانی کە بە سیستەمی سزای جەستەیی سەردەمەکانی پێش عەقڵانیەتی بەشەرەوە نزیکترە, دە بێتە موڵکی ناعەقڵانییەتێك کە گوایا لە خۆرهەڵاتدا ئامادەیی هەیە. بەڵکو بە پێچەوانەوە فەندەمینتالیزمی ئیسلامی کۆرپەی بەرهەقی ئەم کۆمەڵگا مۆدێرنانەی ئەمڕۆکەی چرکە ساتی گلۆبالیزەیشنن. فەندەمینتالیستە ئیسلامییەکان کەسانی ئەمڕۆکەی کۆمەڵگان کە بۆ وەڵامدانەوەی پرسارە وەڵام پێنەدراوەکانی دەروونی هەرهەمان کۆمەڵگا کاری سیاسی خۆیان دەکەن. دواکەوتوویی پەیامە سیاسییەکەیان ناتوانێت خەسڵەتی مۆدێرن بوونی فەندەمینتالیزمی ئیسلامی بسڕێتەوە. فەندەمینتالیزمی ئیسلامی نەك هەر لەبەوەی کە خاوەنی ئەو فڕۆکەوانانەیە کە لەگەڵ تازەترین تەکنیکەکانی مۆدێرنیتەدا ئاشنایەتییان هەیە, دەبنە بەشێك لەو بزووتنەوە مودێرنانەی سەردەم, نەك لەبەر ئەوەشی کە بەر لە هێرشە تیرۆریستیانەکەی ئەم دووایییەیان قوومار لەسەر کڕین و فرۆشی سەر بۆرسەکان دەکەن, وە نەك لەبەر

ئەوەشی کە لە تۆڕیکی گەورەی ڕێکخراوەیدا کە کۆمەڵگای شەبەکاتی ئەمڕۆ بەرهەمی هێناوە دەبنە هەڵگری ناوی بزووتنەوەیەکی مۆدێرن, بەڵکو بە پلەی یەکەم لەبەر ئەوەی کە فەندەمنتالیزم لەمڕۆدا لێرەیە تا وەڵامی کێشەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگا بداتەوە. فەندەمینتالیزمی ئیسلامی لە کوردوستاندا, بەدەر لە هەر دەستتێوەردانێکی وڵاتانی ئیسلامی, ئامادەیی خۆیی لە وەڵامدانەوە بە کێشەی چارەسەرنەکراویی میللییەوە ڕادەگەێنێت و دەتوانێت بەردەوام بێت. تاقمە ئیسلامییەکانی فەلەستین بە بوونی کێشەی فەلەستینەوە دەتوانن بازاڕیان گەرم بێت. تەنانەت ئەگەر سەرنجێکی ئیسلامییەکانی ئەڤغانستان بدەین کە ئەمریکا مامانی کاتی لەدایك بوونیان بوو, ئەوە بەرگرتن بە شەپۆلی کۆمۆنیزمی ڕووسی دەبێتە هەنگاوی یەکەمی جوڵانەوەیان نەك "صحوەیەکی ئیسلامی" کە ئیسلامیەکان خۆیان ئیدیعای دەکەن و بە درێژکراوەی ئیسلامی سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدینی ناوزەد دەکەن. لە زۆربەی وڵاتە عەرەبیەکانیشدا, شکستی خەونەکانی ناسیونالیزمی عەرەبی و ملکەچی دەوڵەتە عەرەبییەکانە بۆ ئەمریکا و خۆرئاوا ئۆکسجینی بەردەوامبوونی ژیانی فەندەمینتالیزمی ئیسلامییە.

کاتێك ئەم وێنەیەی فەندەمینتالیزمی ئیسلامیمان لەبەردەستدا بێت کە بزوونتەوەیەکی مۆدێرنە, نەك بە مانای پەیامەکەی, بەڵکو مودێرن بەو مانایەی کە فەندەمینتالیزمی ئیسلامی ئەمڕۆ لێرەیە بۆ وەڵامدانەوە بەو کێشانەی کە کۆمەڵگایی مۆدێرن خوڵقاندوویەتی و بەبێ وەڵام هێڵراونەتەوە, ئەو کات ئەفسانەکانی "شارستانی" بوونی خۆرئاوا و "ناشارستانی" بوونی خۆرهەڵات ماناکانی خۆیان لە دەستدەدەن. ئەو کات تێدەگەین سەرمایەداری لەمڕۆدا چۆن لە ژێر پەرچەمەکانی شارستانێتیدا دەست بە داوێنی فەرهەنگی سەدەکانی ناوەڕاستا دەکات و وشەکانی لە چەشنی "شەڕی صەلیبی" و "جیهاد" و " شەڕی شارستانیەکان" دەکاتە بەری ئەو ڕیوایەتانەی کە ناشیرینترین سووکایەتی بە ئینسان دەکات. ئەوکاتانە لە بۆگەناوی ئەو دید و بۆچوونانە دەگەین کە سەرمایەداری ئەمڕۆ بۆ بەرپاکردنی جەنگەکانی جیهانێکی پێ کەڕدەکات. هاوکاتیش دەبینە شایەدی کەوتنی ئەو دەمامکانەی کە چەند ساڵە دنیای شارستانی سەرمایەداری لەسەری ناوە و لە ژێر ئەو دەمامکانەشەوە, بۆ هێشتنەوەی دەسەڵات و بازاڕەکانی خۆی کەڵك لە دواکەوتووترین هێزەکانی کۆمەڵکا وەردەگرێت و فەندەمینتالیزمی ئیسلامی بەردەداتە وێزەی گیانی ئینسانەکانی خۆرهەڵات و قسەیەکیش لەسەر ناشارستانی بوونی ئەو هێزانە نییە. بەڵام کاتێك ئەو هێزانە مەترسی لەسەر ژیانی خۆیان دروستدەکات, ئیتر ئەو کاتە چیرۆکەکانی شارستانی و ناشارستانی دەبنە تاکە ڕیوایەتێك کە دەبێ دنیا گوێی لیبگرێت.

سەرنج ڕاکێش ئەوەیە کە هەڵبژاردنی وشەی شارستانیەکان بۆ لێکدانەوەی شەڕی تێرۆریستەکانی ئەمڕۆ تەنها لەیەك شوێندا دەکرێ لە ڕاستییەوە نزیك بێتەوە, ئەو کاتانەی دنیای شارستانی خۆرئاوا ڤێتنام لە ناو بۆمبەکانی ناپاڵمدا دەکولێنێت, ئەو کاتانەی بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی خۆی لەگەڵ ڕژیمی بەعسدا لە عێراقدا زیاتر لە یەك ملیۆن و نیو ئینسان بە قەدەغەکردنی خواردن و خۆراك دەکوژێت, ئەوساکە بۆمان ڕوودەبێتەوە ئەگەر شارستانییەك سەرمایەداری پارێزەری بێت, جێگای چەندە سووکایەتی بە ئینسانی تیادەبێتەوە.

20 سێپتێمبەری 2001